# ناتۆ، لەبەردەم مەرامی گڵاوی تورکیادا...

هەڵۆ بەرزنجەیی

هەواڵەکان لەمەڕ گەمە و داوا و حەزی تورکیاوە چڕ و پڕن لە ترس و هەڕەشە... ئیدی لەم گۆڕانکارییانەی جیهان و بەتایبەتی ناوچەکە چاوەڕێی دەکات، تورکیا چەند «گاڵ یاخود پەموو» دەهێنێ؟!... ئەوە دواڕۆژ بڕیاری لەسەر دەدات..

لیستێکی ڕەش، کە ناوی 40 کەسی ئۆپۆزیسیۆن و دژ بە تورکیای تێدایە ، 28 لە سوید و 12 لە فینلەندە، تورکیا خستوویەتییە بەردەم وڵاتانی سوید و فینلەندە و داوای ڕادەستکردنەوەیان دەکات...

ڕەجەب زاراکۆلوو ، دیارترینی ئەو کەسانەیە...

ناوبراو کە ئێستا تەمەنی ٧٤ ساڵە، بۆیەکەمجار ساڵی١٩٧١ ڕاپێچی بەردەم دادگا کراوە، بەتاوانی ئەوەی پەیوەندی هەیە بە «ئەمنستی ئینتەرناشناڵ»ەوە ە...

نابراو پاشان بووە یەکێ لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ لە تورکیا. هەروەها چاپکەری کتێب لەسەر کوشتاری ئەرمەن و کورد و بڵاوی دەکردەوە...ئێستا تورکیا وەک تیرۆریست لێی دەڕوانێ ...

تورکیا دەڵێ: سزای لەسەر ئەوە نادەین زەبروزەنگی بەکارهێنابێت! بەڵکو تاوانبارە بەوەی لای پارتێکی نایاسایی کوردی سەمینارێکی پێشکەش کردووە...

بنۆڕن لە ئەقڵی پڕ لە شۆڤێنی تورک چۆنە؟....!

دادگای سوید ساڵی ٢٠١٩ ڕەتی کردەوە زاراکۆلوو ڕادەستی تورکیا بکاتەوە...

بۆیە وەزیری دەرەوە چاوشئۆغلوو بە خەبەرتورک دەڵێ: " تورکیا نایەوێ گوێ لە حیکایەتی یاسای یەکێتی ئەوروپا بگرێ، داوای تورکیا دەبێت جێبەجێ بکرێ و تەنانەت ئەگەر بێت سوید و فینلەند یاسای خۆیان گۆڕیووە لەپێناوی گونجاندنی ڕەوانەکردنەوەی " ئەم داواکراوانەدا....

ئەوەیە گورنەتەڵیی و لێخوڕین و تێخوڕین، کە تورکیا بێ شەرمانە بەسەر دنیاوە دەیکات و لە ئێستادا بەسەر ئەم دوو وڵاتە و تەواوی ناتۆوە...

تورکیا داوای هەڵگرتنی گەمارۆی چەک فرۆشتن لەو دوو وڵاتە دەکات کە لە ٢٠١٩ خستوویانەتە سەر تورکیا...

تورکیاش داوای دوورکەوتنەوە و واز هێنان لە پشتیوانی کورد دەکات....

زاراگولوو بە پێچەوانەوە قسەی بۆ رادیۆی »ئۆزگیوریوز « کردووە و دەڵێ: "سوید وڵاتی یاسایە و دادگا بڕیاری تێدا دەدات و حکومەت وابەستەیە پێوەی... خۆ ئێرانە تورکیا نییە! " بە ئارەزووی خۆیان بڕیار و حوکم بدەن...
ناوبراو بەوەش تاوانبار کراوە کەوا وتارێکی بۆ رۆژنامەی «ئێڤرەنسێلی» چەپ نووسیووە... کە باس لە هاوبەشی نێوان عەدنان مێندەرس و ئەردۆغان دەکات، مێندەرس دوای کودەتای ١٩٦١ لە سێدارە درا... هەڵبەت و لە بەراوردا هەمان چارەنووس نیشانی ئەردۆغان دەدات....!!!...
راوێژکاری ئەردۆغان «ئیبراهیم کالین» کە ئەندامی دانووسانکارە لەگەڵ شاندی دوو وڵاتی ناوبراودا تەواو بە پێچەوانەوە دەڵێ: "هیچ بناغەیەکی یاسایی نییە تیرۆریستان رادەست نەکرێنەوە..."
ناوی "بولوند کێنەسی" سەرنووسەری رۆژنامەی گویلەنیش لە لیستەکەدایە و تاوانبارە بە بەشداری لە کودەتاکەی ٢٠١٦ دا ... هەروەها ناوی «مەحمەت سیراجی» سیاسی و رۆژنامەنووسی کورد، کە ٧ ساڵ دەبێت مردووە...
تورکیا هێندە نوقمی فاشێتییە و داگیرکەرێکی دڵ ڕشە بەرانبەر بە کورد، واز لە روفاتی کوردیش ناهێنێ و لە گۆڕیشدا دەیخاتە بەردەم لێپرسینەوە.. لەوەش نامرۆڤانەتر گەر بۆی بکرێ مردووی گۆرستانەکانیشمان دەردێنێتەوە و یەک بە یەک بەدەستی خۆی لەسێدارەیان دەدات...
هەر لەمەڕ ئەم ئاستەنگەی تورکیا بۆ بەئەندامبوونی سوید و فینلەندی هێناوەتە پێشێ، باڵیۆزی ئەڵمانیا لە تورکیا «یورگەن شولتس»، دەڵێ: "قسەکانی تورکیا جێی قبوڵ نییە، تەنیا رووسیا سوود لەم هەرایە دەبینێ" !..

کریستۆڤ هۆیسگەنی» سەرۆکی کۆنفرانسی ئاسایشی میونخیش دەڵێ: تورکیا دەتوانێ« کێشەکانی لەگەڵ سوید و فینلەند دوای بوونە ئەندامیان لە ناتۆ باشتر چارەسەر بکات...
بەڕاستی! دەبێت لێرەدا هەڵوێستەیەک بکەین لەم رشفتار و بیرکردنەوەیانەی تورکیا و شەرمە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی! بە هەموو مانای وشەیەک، ئەم هەڕەشە و سیاسەتی نامرۆیی و دژ بە بەهاکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤی تورکیا قبوڵ بکەن و رەفتاری وا نا مۆڕاڵی دەوڵەتێک ئەگەر بێت و بیانەوێ هەر مامەڵە لەگەڵ تورکیادا بکەن...

شەرمێکە وەک پەڵەی ڕەش بە نێوچەوانی جیهانەوە، ئەگەر بێت و چۆک دادەن بۆ مەرامە گڵاوەکانی تورکیا ....
گەر سەرپێیش بێت، دەبێت ئاماژەیەکی ڕەخنەش بە ڕووی خودی کورد بەتایبەت هێزە سیاسیی و جەماوەرییەکانیدا نیشان بدەین!. ئێستا ئەو چرکەساتە هەستیارەیە کەوا دەبوو دیبلۆماسێت و لۆبی کوردیی وزە و گوڕوتینی تەواوی خۆی بخاتە کار و کەیس و فایلیی دیکۆمێنتی ئەستوور ئەستوور لەسەر تاوانی دەوڵەتی پێشکەش بە جیهان بکات... جیهان لە مەترسییەکانی سیاسەت و چاوچنۆکی سوڵتانەکەی تورکیا بەئاگا بهێننەوە... سوودی زیاتر لە ناکۆکییەکانی تورکیا و ئەمەریکا و تورکیا و زۆر وڵاتی ئەوروپایی، یۆنان بەتایبەتی و تەنانەت تورکیا و ئیسرائیلیش!... بەڵام بەداخەوە کورد لە بازنەی ململانێ و ستاسەتی خۆخۆری نێوخۆیی ناتوانێ دەرباز بێت... بۆیە بەهرەی خۆی کوشتووە بۆ کارکردن لەسەر جەمسەرەکانی دیکەی تێکۆشان...
سەرچاوە: سوود وەرگیراوە لە
ڕۆژنامەی تاگەسشپیگلی ٢٠٢٢/٥/٢٨


SONNABEND, 28. MAI 2022 / NR. 24 995

POLITIK

DER TAGESSPIEGEL 5

## Einfach weiter

Der britische Premier Boris Johson will trotz Partygate von einem Rücktritt nichts wissen

Johnson sieht sich von den Ermittlungen sogar entlastet

## Auf der schwarzen Liste

Menschenrechtler Ragip Zarakolu steht im Zentrum des türkisch-schwedischen Nato-Streits

Von Susanne Güsten, Istanbul

Ragip Zarakolu ist für den türkischen Staat schon seit einem halben Jahrhundert ein Feindbild. Nach dem Militärputsch von 1971 kam der heute 74-Jährige zum ersten Mal vor Gericht – wegen Kontakten zu Amnesty International. Später war Zarakolu Mitbegründer des türkischen Menschenrechtsvereins und veröffentlichte als Verleger Bücher über den Völkermord an den Armeniern und die …

Staatsfeind. Ragip Zarakolu (hier 2008) wird von türkischer Seite unter anderem vorgeworfen, einen gewaltsamen Umsturz zu unterstützen.

Mehmet Bilgin ist auch auf der Liste – aber seit sieben Jahren tot